نینەوا... دوو کەس بەهۆی دەستبەسەرداکردنی موڵکی دەوڵەت دەستگیرکران

ئەمڕۆ یەکشەممە،دەستی دەستپاکی فیدراڵی، لە دوو ئۆپراسیۆنی جیادا لە پارێزگای نینەوا، دەستگیرکردنی دوو تۆمەتباریان راگەیاند بەهۆی دەستبەسەراگرتنی نایاسایی موڵک و ماڵی دەوڵەت و زیانگەیاندن بە سامانی گشتی.

لە هاگەیەندراوێکی دەستکەدا هاتووە ، یەکێک لە تۆمەتبارەکان لەسەر زەویەکی دەوڵەتی چەندین دوکانی بازرگانی دروستکردبوو،هەروەها تۆمەتباری دووەمیش پارچە زەویەکی دەوڵەتی لە نزیک بەردەوبەرایەتی هاتوچۆی موسڵ کردبووە گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل و پارێی لە شەقامان وەردەگرت بە بڕژوەندی خۆی بێبێ هیچ ڕێزامەندیەکی فەرمی.

وەک هاگەیەندراوەکەی دەستەی دەستپاکی ئاماژەی پێداوە: هەردوو تۆمەتبارەکە بەپێی ماددەی 340 ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.